# بزوتنەوەی شورایی لە کوردستانی عیراق

ئامادەکردنی ڕێنوار جبار
renwar_jabar2@yahoo.com

(2)

## کۆمیتەکانی ڕاپەڕین لەشارەکان یەکەمهەنگاوەکانی بزوتنەوەی شورایی

شوراکان هەرچەندە دیاردەیەکی تازەبوون لە کوردستان بەلام هەروا خۆبەخۆ سەری‌هەڵنەدا, بەڵکو ریشەی لە هەڵسورانی کرێکاری و کومۆنیستی ئەو رێکخراو و گروپە چەپ و کومۆنیستیانەدا بوو کە لەسەرەتای هەشتاکانەوە وە بە کەڵك وەرگرتن لە دەرس و تەجروبەکانی مارکسزمی شۆرشگێر و پاشان کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ئێران لە مەیداندا بوو وە چالاك بوو, پێش راپەرین لە لایەن ئەم رێکخراو و گروپە چەپانەوە چەندین دەستە و کۆمیتەی چەکداری پێکهاتن.

مانگی مارتی 1991, وڵاتی عیراق دوای شەڕی خەلیج خاوەنی حکومەتێکی لەرزۆكو تێکشکاوو جەیشێکی زەبوون کراوبوو ، خەڵکێکی برسیو لەگەڵ مەرگ ڕووبەڕوو، بەڵام بەگشتی چاوەڕوانی ڕووداوی گەورەیان دەکرد. لەم هەلومەرجەدا هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستو ڕادیکاڵ کە لە چەندین گروپو کۆڕوکۆمەڵی بچوکدا کاریان دەکردو لەسەرجەم شارەکان هەڵدەسوڕان، ئەوانەی یەکتریان دەناسی لە دەوری یەك کۆدەبوونەوەو لەسەرەتای مانگی شوباتەوە یەکەمین دەستەکانی چەکداریو کۆمیتەی ڕاپەڕین پێکهات. بۆ نمونە لە زۆربەی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی کۆمیتەکانی ڕاپەڕین پێکهاتن لەوانە گەڕەکی خەبات، سەرشەقام، گۆیژە، هەوارەبەرزە، مجید بەگ، شێخ محێدین، سەرکارێز، گاوران، ئیبراهیم پاشا...لەشارەکانی تریش هەروابوو.

دەستکرا بەهەڵسوڕانی عەمەلی بۆ کۆکردنەوەی چەكو تەقەمەنی، چەندین (جەیشی شەعبی) چەك کران، وە ڕژێم قوتابی قوتابخانەکانی چەکدار کردبوو، لەم ڕێگایەوە ژمارەیەك چەك دەستکەوتن وە ژمارەیەك قوتابی چەکداریش دەهاتنە ریزی کۆمیتەکانی ڕاپەڕین.چاوەڕوان دەکرا کە بەیەکەمین تەقە سەدان کەسی چەکدار لەماڵەکانیانەوە دێنە دەرەوە.

هەواڵی ڕاپەڕینی چەکدارانەی شارۆچکەی رانیە وهەروەها هەواڵی تێك هەڵچوونو هەستانی باشوری عێراق بڵاوبوەوە، ئەمەش بووە مایەی وتووێژو سەرگەرمی لەنێو کۆمەلانی خەڵکی شاردا. چەکدارەکانی حکومەتی بەعس ماتو مەئیوسو لەرزۆك دیار بوون، بەئاشکرا دیار بوو کە ئەوان تەنها حاڵەتی دیفاع کردن لە خۆیانیان هەیە، ئەمەش زیاتر گرۆتینی دەدا بەخەڵكو نیگەرانی لە بۆمبابارانی کیمیایی کەم دەبۆوە.

ئێوارەی ڕۆژی 6ی مارت یەکەمین خۆپیشاندانی لاوان لە کۆڵانەکانو شەقامەکاندا بەشێوەی پەلاماردانو هەڵاتن دەستی پێکرد. چەکدارو پۆلیسو ئەمنی حکومەت تەقەی هەواییان دەکرد، لاوان کەوتنە حاڵەتی هەڵاتنو پاشاکشە کردنەوە بۆناوکۆڵانەکانو ماڵەکانیان، کەفو کوڵی خۆپیشاندانو ڕاپەڕین لەناو چاوانی هەمووان‌دا دیار بوو، بەڵام نیشانەیەك لە ڕێکخستنی ڕاپەڕین نەدەبینرا.یەکەمین هێرشەکان لێرەولەوێ دەستی پێکرد.دیاربوو ئەوە دەبێتە تەرەقەی تایبەتی تەقینەوەیەکی زۆر گەورەتر.

شەوی 6-7 / 1991/3 حکومەتی بەعس بۆ کۆنترۆڵی وەزعەکە، لەناوشاردا بەشەقامە گشتی‌یەکاندا بەسەیارە گەڕاو بەبڵندگۆ قەدەغەکردنی هاتوچۆ (منع التجول) ی ڕاگەیاند، ڕایگەیاند ڕۆژی 7ی مانگ نابێ کەس لەماڵ بێتە دەرەوە. لەم شەوەدا بەپێچەوانەی بڕیاری‌حکومەت تا بەیانی هەڵسوڕاوانو جەماوەری خەڵك لە جموجوڵدا بوونو سەردانی یەکتریان دەکرد، چەك پەیدا دەکراو خۆحازر دەکرا بۆ پێکدادانی بەیانی کە ئیتر کاتەکەی لەلایەن خەڵكو هەروەها لەلایەن حکومەتیشەوە دیار بوو.

دەبیسترا کە هێزەکانی ئاسایشی ڕژێم خۆیان بۆ کوشتارێکی بەکۆمەڵ ئامادە دەکردو لەنێو خۆیاندا بڕیاریان داوە کە ئەگەر خۆپیشاندان دەست پێ بکرێت ئەوا دەرسێکی وا دەدەنە ئەو خەڵکە کە هەرگیز لەبیریان نەچێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش تانكو دۆشکەکانیان هێنابووە ناو شەقامەکانەوە. بەڵام ئەوان خۆ نەیاندەزانی لەگەڵ خۆپیشاندانی ئارامو دەست بەتاڵ ڕووبەڕوو نابن. ئەوان پێیان وابوو تەنها هێزێك کە هەبێ هەر چەکدارەکانی "بەرەی کوردستانی" یەو ئەوانیش لەم دەورووبەرە نزیك نین، تەنانەت ئەوەی کە لە سنوورەکان تێپەڕ بووبوون بۆ ئەم دیو ژمارەیان کەمەو ئەمەش بۆ ئەوان مایەی دڵ گەرمی بوو، بەڵام خراپ حاڵی بوون.

بەرەبەیانی 7ی مارت، کۆمیتەکانی ڕاپەڕین لە دوو گەڕەکی ڕۆژهەڵاتو باکوری شار خەڵکیان ڕژاندە سەر شەقامەکانو بەرەو ناوەندی شار وەڕێکەوتن. یەکەمین وەڵامی حکومەتیان بەتەقە دایەوە، بەم هۆیەشەوە چەکدارەکانی ڕژێم غافڵگیر بون. جەماوەری خرۆشاو لە ژنو پیاوو منداڵی گەڕەکەکان بە شوێن هەڵسوڕاوانی کۆمیتەکانی ڕاپەڕین بەکۆمەڵو بەووتنەوەی دروشمو سروود بەرەو شەقامە سەرەکییەکانودائیرەکانو مەرکەزی پۆلیسودامودەزگاکانی حکومەت بەڕێدەکەوتن. ترسو دوودڵی لە دەمو چاوی زۆربەی خەڵکدا دیارە.لەگەڵ یەکەم دەستڕێژی هێزەکانی حکومەتو وەڵام دانەوەی لە لایەن جەماوەری چەکدارەوە، ترسی خەڵك دەشکێ، هێرشو پەلامار بەهەموو لایەکدا دەست پێدەکا..

تەواوی گەڕەکەکانی شار لە ماوەیەکی کەمدا لەسەربازانو چەکدارانی ڕژێم پاکرایەوە. هێزەکانی ئەمنو هێزی تایبەتی دەوڵەتی شەقامەکانیان جێهێشتو خزینە ناو بارەگا سەرەکییەکانی خۆیانەوە لەناوەندی شارو سەنگەریان گرت. بەم جۆرە ڕاپەڕینی جەماوەر، کە هەر دەتگوت هەموو لە پێشەوە خۆیان بۆ ئامادە کردووە سەرانسەری شاری گرتەوە. وە بۆ رۆژی دوایی (8ی مارت) تا ئیوارە دوایین بنکەی حکومەتی بەعس لەشاری سلێمانی (ئەمنە سورەکە) پاش شەرێکی سەخت دەستی بەسەردا گیرا و تەواوی شار کەوتە دەستی خەلك.

هەر ئەم هەڵسوراوانەی دەستەو کومیتەکانی راپەرین کە ئیتر لە ماوەی ئەم دوو رۆژەی راپەریندا بوونە کەسی ناسراو و خۆشەویست و جێگا متمانەی خەڵکی گەرەکەکانیان یەکەم بنکەی شوراکانیان لە گەرەکەکانی خۆیان دامەزراند. وە بۆ ناساندن و بڵاوکردنەوەی فکرەی شورا چەندین بەیاننامەو پلاتفۆرم دەربارەی ئەرکەکانی دوای ڕاپەڕین بڵاوبوونەتەوە. لەگەڕەکەکاندا هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی شورایی دەست بەکارن. یەکەمین کۆبوونەوەکانی جەماوەر پێکدێن. هاوکات بنکەی حزبەکانی بەرە دامەزراوە، ئەمانە دوای ئەوەی شار لەلایەن خەڵکەوە کۆنترۆڵ کرا خۆیان گەیاندۆتە ناو شار. خەڵك بۆ ڕێکخراوبوون ئامادەن، هەموو چاوەڕوانن، تا بزانن ئەرکی سەر شانیان چییە. چ شتێك دەمێنێتەوە، چ شتێك دەبێت بڕوات. لە ڕوانگەی حزبەکانی (بەرەی کوردستانی)، ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ پێویست ناکا.

لەسەرەوە لەڕادیۆی دەنگی بەرەوە، پەیتا پەیتا بەیان بڵاودەکرێتەوە: (چەکەکانتان بێنن تەسلیمی بەرەی بکەن، وەوەسائیلێکیش کە بەتاڵان براوە بیهێننەوە...). سەرمایەدارانو بازرگانە گەورەکانی شاریش دەچنە بارەگاکانی بەرە، بەڵگەو پێناسەی ئەندامەتییان بۆ دەکرێت، لەهەمان کاتدا ئەمەش بەمانای ئەوەیە هەموو سامانیان پارێزراوو مەخزەنو پارەی بانقەکانیان لەموسادەرە عەفو ببێت.



**دیمەنێك لەمیتینگی جەماوەری شوراکان لەشاری سلێمانی- 1991/3/16***